# بەش کوردی

# کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

# زانکۆی سەلاحەددین

# بابەت : واتاسازی

# ناوی مامۆستا : پ.ی.د. بدرخان سلێمان

# ساڵی خوێندن: 2021-2022

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | كۆرسی ساڵانە |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.د بەدرخان سولەیمان عەلی |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی كوردی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل:<br>badrkhan.ali@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو): |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٣<br>پراكتیک: |
| ٦. ژمارەی كاركردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەكدا (٣) كاتژمێرە.<br><br>هەروەها لەحەفتەیەكدا بەنزیكی (١) كاتژمێر بۆ وڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەكان و قسەكردن لەسەر سەرچاوەو بابەتی تری پەیوەندیدار بە وانەكەوە تەرخان دەكرێ، ئەم كات بەخشینەش بەشێوەیەكی دیاری نەكراو و نافەرمییە. |
| ٧. كۆدی كۆرس | BEK401 |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | بڕوانامەی بەكالۆریۆس: زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر، كۆلێژی ئاداب ، بەشی كوردی، ١٩٩٧<br>بڕوانامەی ماستەر: زانكۆی بەغدا، كۆلێژی پەروەردەی ئیبنولروشد ، بەشی كوردی، ٢٠٠٦<br>بڕوانامەی دكتۆرا: زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان ، بەشی كوردی، ٢٠١٥<br>ساڵی دامەزراندن: ١٩٩٧<br>خزمەت لەزانكۆ: لە ٢٠٠٧ ە وە تا ئێستا<br>نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| ٩. وشە سەرەكیەكان | واتا، ناونان، پەیوەندی واتایی، جۆرەكانی واتا، سینۆنیم، هایپۆنیم، ئەنتۆنیم، كێڵگەی واتایی، گۆ{انی واتا، نیشانەی واتایی ، واتاسازی ڕستە. |

**١٠. ناوەڕۆكی گشتی كۆرس:**

- گرنگی خوێندنی كۆرسەكە (بابەتەكە)
- تێگەیشتنی چەمكی سەرەكی كۆرسەكە

- بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین کردنی هەڵی کار

گرینگی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوەدا دەردەکەوێت،

ئەم بابەتە پێشتر لە قۆناغەکانی خوێندن لە بابەتی زمانیدا نەخوێنراوە ، بۆیە بۆ یەکەم جار قوتابی بابەتێک وەردەگرێ کە پەیوەندی بە لایەنی واتاییەوە هەیە و شارەزای ئەو بابەتە شاراوانە دەبێ کە پێشتر وەکو پرسیارێکی بێ وەڵام مابۆوە، لەبارەی واتای وشە و ڕستە و پەویەندی واتایی نێوان وشەکان و ئەو تەمومژیانەی لە ئاخاوتن و وشە و رستەدا درکی پێ دەکردن بەلام وەلامێکی دروستی لانەبوو لەم بابەتەدا سەرجەم ئەو لایەنانە بۆی ڕوون دەبێتەوە.

١١. ئامانجەکانی کۆرس

پرۆگرامی وانەی واتاسازی بریتییە لە باسکردنی واتا وەکو زانستێکی زمان کە بەشێکی گرنگی زمانانسیە و یەکێکە لە ئاستە سەرەکییەکانی زمان. ئامانج تیایدا شارەزابوونی (قوتابی/خوێندکار)ە بەم بابەتە لە بەشی زمانی کوردیدا، کە پێویستە شارەزاییان هەبێ لەسەرجەم ئاستەکانی زمان. واتاسازیش دانەیەکی گرنگی ئەو ئاستەیە، بۆیە پێویستە شارەزایی و زانیاری تەواویان لە واتاو چەمک و پێناسەی واتاو جۆرەکانی واتاو تەم ومژە واتاییەکان و پەیوەندی نێوان وشەو واتا، رستەو واتا، پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا و لە هێمادا هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانن جۆرەکانی وشە و رستە لە رووی هاوواتایی و پەیوەندییە واتاییەکان جیا بکەنەوەو زانیاری لەبارەی ئەم لایەنە پەیدا بکەن کە پێشتر وەریان نەگرتووە. بەتایبەتی کە لە کتێبە مەنهەجییەکانی وانەی کوردی قۆناغی پێشتری خوێندنیان تاڕادەیەک شارەزاییان لە رستەسازی و وشەسازی پەیدا کردووە، بەڵام لە رووی واتاوە شارەزاییان لە رستەو وشەدا نییە و پەیوەندی نێوان رێزمان و واتاسازییان لا روون نییە. لە رێگای ئەم وانەیەو پرۆگرامەکانی وانەکە کەلێنی زانیارییەکانیان لەم بوارەدا پڕ دەبێتەوە. ئەم بابەتە کاریگەری دەبێ لەسەر قوتابی/خوێندکار لە رووی بەکارهێنانی زمان و واتای وشەکان و شارەزابوونی لە چەندین جۆری دانە فەرهەنگییەکان کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پاراوکردنی ئاخاوتن و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی واتایی مێشکیان و چۆنیەتی بەکارهێنانی دانە فەرهەنگی و ئیدیۆم و دانە واتاییەکانی زمان لە شوێنی خۆیدا، هەروەها باشتر بەکارهێنانی کۆمەڵەوشە بەیەکەوەهاتووەکان و باش بەکارهێنانی بنەماکانی پیادەکردنی دیالۆگ، یارمەتیدەریش دەبێ بۆ دروست تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەق و دەقی نێو کتێبەکانی قوتابخانە.

١٢. ئەرکەکانی قوتابی

پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا)

١٣. رێگەی وانە ووتنەوە

لەم وانەیەدا چەندین شێواز بەکاردەهێنری بۆ گەیشتن بەئامانجەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بۆ قوتابی/خوێندکار وەکو رێگای ئامادەکاری،کە تیایدا بابەتەکان بە قوتابییان دەدرێ لەگەڵ بەکارهێنانی چەند رێگایەکی دیکەی وەکو رێگای گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام لەپێناو دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەو باشتر گەیاندنی زانیارییەکان. بەکارهێنانی هەریەک لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری پێویستی لەبەردەستدا بوو دەگۆرێ.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

یەکەم: لە (٤٠%)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

١. لە ١٥% تاقیکردنەوەی یەکەم
٢. لە ١٥% تاقیکردنەوەی دووەم
٣. لە ١٠% چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکرای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەکردنی راپۆرت و پێشکەشکردنی لەناو پۆلأدا، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا) دووەم: لە (٦٠%)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی ناوەندی کۆتایی ساڵ، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

**قوتابی بەرێز..**

وەرگرتنی ئەم کۆرسە بەتەواوی لەلایەن بەرێزتانەوە، بەو مەرجەی ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە بەشداری تێدا بکەیت و بەدواداچوونت هەبێت بۆ سەرچاوەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە گەش دەکەیت، کە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:

یەکەم: ئەم کۆرسە زانیاری و چەمک و زاراوەیەکی زۆرت پێ ئاشنا دەکات سەبارەت بە دروستی ئاخاوتن و ئاگاداربوون لە واتا جۆراوجۆرەکانی وشە و رِستە و بەکارهێنانی لە شوێنی خۆیدا.

دووەم: شارەزابوون لە شێوازەکانی ئاخاوتن و بەکارهێنانی دەروبەری زمانی و نازمانی لە ئاخاوتندا کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئاخاوتنی تاک و شارەزابوون لە ئیدیۆم و لادانە زمانییەکان کە لە ئاخاوتنی رۆژانەدا زۆر دووبارە دەبنەوە بەمەش کەسایەتیت لە رووی زمانەوە دەولأەمەند دەبێ و زالأ دەبی بەسەر گرفتەکانی ئاخاوتن لە رووی فەرهەنگ و ریزکردنی رستەدا.

سێیەم: توانستێکی باشت پێدەبەخشی بۆ بەشداریکردن لە ئاخاوتن و شارەزابوون لە گفتوگۆو هێنانەوەی نموونە و ئیدیۆم لە ئاخاوتندا کە ئاخاوتنەکەت بەهێز دەکا و گفتوگۆکانت روونتر و پاراوتر دەکا.

**١٦. لیستی سەرچاوە**


١- هۆگر مەحموود فەرەج، پراگماتیکی واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا.
٢- پەروین عوسمان عەللاف، واتاو وەرگێران.
٣- عەبدوڵلا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.
٤- د. عەبدولواحێد مشیر دزەیی، کاریگەری دەروونی لە بواری راگەیاندندا.

٥- واتاسازی، وەرگێڕانی: د. یوسف شەریف سەعید.
٦- ئارا علی ئەحمەد،واتایا شێوازی.
٧- د. عەبدولواحێد مشیر دزەیی، واتاسازی.
٨- د. عەبدولواحید مشیر دزەیی ، پراگماتیک.
٩- د.محمد معروف فتاح، زمانەوانی.
١٠- د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان.
١١- هۆگر مەحموود فەرەج، بوارە واتاییەکان، نامەی ماستەر.
١٢- بێخاڵ سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر.
١٣- سەباح رەشید، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر.
١٤- تالیب حسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا.
١٥- د.قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا.
١٦- ئاڤێستا کەمال مەحموود، پراگماتیکی رستەی پرسیار و فەرمان.
١٧- دارا حەمید، پەیوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.
١٨- د. محەمەد مەحوی، هێما و زانستی هێما.
١٩- د. عەبدولواحێد مشیرەیی دزەیی، لادانی واتایی، مجلە کلیە اللغات، عدد١٣/٢٠٠٧.
٢٠- د. محمد محمد یونس علي، مقدمە في علمي الدلالە والتخاطب.
٢١- منذر العیاشي، اللسانیات و الدلالە الکلمە،
٢٢- د. احمد مختار عمر،علم الدلالە.
٢٣- ف. بالمر، ت: مجید عبدالحلیم الماشگە، علم الدلالە.
٢٤- رولان بارت، ت: محمد البکري، مبادیء في علم الادلە.
٢٥- د.عزمی اسلام،مفهوم المعنی.
٢٦- د. بدرخان سلیمان علی، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە رۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا.
٢٧- علدالمطلب عبداللە، کردەی ئاخاوتەیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر.
٢٨- شێرزاد سەبری، واتا دناڤبەرا سیمانتیک و پراگماتیکدا.
٢٩- کۆرش سەفەوی ، و: شێروان حسین، ناسینی واتاسازی.

| | |
|---|---|
| ١٧. بابەتەکان | |
| حەفتەی یەکەم: واتاسازی چییە، مێژووی سەرهەڵدانی واتاسازی<br><br>حەفتەی دووەم: واتاو چەمکی واتا،<br><br>حەفتەی سێیەم: - پەیوەندی واتاسازی بە زاستەکانی دیکەوە. -<br><br>حەفتەی چوارەم: پەیوەندی واتاسازی بە ئاستەکانی دیکەی زمان | |

| | |
|---|---|
| حەفتەی پێنجەم: ئاستەکانی واتا<br><br>: بنەماکانی واتا، ڕەگەزەکانی واتا حەفتەی شەشەم<br><br>: یەکەکانی واتا حەفتەی حەفتەم<br><br>حەفتەی هەشتەم: تیۆرەکانی لێکدانەوی واتا<br><br>حەفتەی نۆیەم: تیۆرەکانی لێکدانەوی واتا<br><br>: جۆرەکانی واتا حەفتەی دەیەم<br><br>حەفتەی یازدە: جۆرەکانی واتا<br><br>حەفتەی دوازدە: پەیوەندییە واتاییەکان: ١ - پەیوەندی ستوونی: أ-سینۆنیم<br><br>حەفتەی سێزدە: ب- واتادژی ج- داپۆشین حەفتەی سێزدە<br><br>حەفتەی چواردە: د- بەش لەگشت ه- جیاوازي<br><br>حەفتەی پازدە: پەیوەندی ئاسۆیی<br><br>حەفتەی شازدە: تەمومژی واتایی: فرەواتایی<br><br>حەفتەی حەڤدە: هاوبێژی<br><br>حەفتەی هەژدە: کێڵگە واتاییەکان.<br><br>حەفتەی نۆزدە: گەشەو گۆڕانی واتا:<br><br>حەفتەی بیست: ١- تەسکبوونەوەی واتا ٢- فراوانبوونی واتا ٣- بەرزبوونەوەی واتا<br><br>٤- نزمبوونەوەی واتا<br><br>حەفتەی بیستو یەک: واتاسازی رستە<br><br>حەفتەی بیستو دوو: واتاسازی رستە | |

| | |
|---|---|
| **حەفتەی بیستو سێ : واتاسازی رستە**<br><br>**حەفتەی بیستوچوار: واتاسازی رستە** | |
| **١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)** | |
| **نییە** | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**چەند نموونەیەک لە پرسیارەکان، کە شێوەی داڕشتن و وەلامی کورت و شیکردنەوەو و هەڵبژاردن و نووسینی وتاری لەخۆ دەگرن:**

**١- کۆتی هەڵبژرادنی کرداری ( گوێگرتن) چییەو چ جۆرە بکەرو بەرکارێک هەڵدەبژێرێ؟**

**٢- سینۆنیم چییە؟ جۆرەکانی چین؟ هەریەکەیان بەکورتی و بەنمونەوە روونبکەوە**

**٣- ئەو دانە زمانیانە چ جۆرە پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە: ( ئەمساڵ لە پار گەرمتر نیە)، (دەسک و دەرگاو ماڵ)، (ئاسمانX زەوی) (تاریک، روناک)، ( ترێ- هەنار) ( گوڵێکی ڕەندە)، (منداڵەکە شیر دەخواتەوە) ( گە، گا، ستان، دان) ، (ژنهێنان ، شووکردن).**

**٤- چۆن دەتوانی واتادژی تەواو و واتادژی پێچەوانە لێک جیا بکەیەوە، بەنموونەوە روونی بکەرەوە.**

**٥- کێڵگەی واتایی چییە؟ تایبەتمەندییەکانی کێڵگە واتاییەکان باس بکە.**

**٦- ئەم دانە زمانیانە، چ تەمومژیەکیان تێدایە؟ جۆرەکانیان بنووسە: (ئاش، زمان، دووڕوو، ماوە ،مۆر، چوون،، تانە، شین ، بەردانەوە،)**

**٧- لە واتای هۆشەکیدا وشە خاوەنی چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی بنەڕەتین، ئەو وشانەی خوارەوە خاوەنی چ سیمایەکی جیاکەرەوەن بیاننووسە؟ ( ئافرەت، دار، گوڵ، قوتابخانە )**

**٨- بەکورتی بۆچوونی ئۆگدن و ریچاردز لەبارەی ناونان و پەیوەندی نێوان ئاماژە و ئاماژەبۆکراو و بیرو سێگۆشەی واتایی رونبکەوە.**

**٢٠. تێبینی تر**

**قوتابییان دەتوانن نزیک لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی نێو ئەم کۆرس بووکە، لەچوارچێوەی کۆرس بووکەکە دەربچن و بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکە، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانە بکەن کە من باسم کردوون..**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

**م. شوکر محمد صالح**